ئاڵتون بە ئاڵتون، زیو بە زیو، گەنم بە گەنم، جۆ بە جۆ، خورما بە خورما، خوێ بە خوێ، بە هاوشێوەی یەک، بە هێندەی یەک، دەست بە دەست، خۆ ئەگەر ئەوانەی باس کران هاوشێوەی یەک نەبوون، ئەوا چۆن دەتانەوێت کڕین وفرۆشتنی پێوە بکەن، بە مەرجێک ئاڵو گۆڕەکە دەست بە دەست بێت

لە عوبادەی کوڕی سامیتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئاڵتون بە ئاڵتون، زیو بە زیو، گەنم بە گەنم، جۆ بە جۆ، خورما بە خورما، خوێ بە خوێ، بە هاوشێوەی یەک، بە هێندەی یەک، دەست بە دەست، خۆ ئەگەر ئەوانەی باس کران هاوشێوەی یەک نەبوون، ئەوا چۆن دەتانەوێت کڕین وفرۆشتنی پێوە بکەن، بە مەرجێک ئاڵو گۆڕەکە دەست بە دەست بێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕێگای کڕین وفرۆشتنی ڕەوا ودروستی بۆ ڕوون کردووینەتەوە لە شتە ڕیبادارەکاندا کە شەش جۆر وتاقمن ئەوانیش: ئاڵتون، زیو، گەنم، جۆ، خورما، خوێ، ئەگەر کڕین وفرۆشتنەکە لە نێوان یەک جۆر لەم جۆرانەدا بێت بەنمونە ئاڵتون بە ئاڵتون یان زیو بە زیو... ئەوا دەبێت دوو مەرج بێتە جێ لە کڕین وفرۆشتنەکەدا: یەکەم: دەبێت لە وەزن وکێشدا بە هێندی یەک بن ئەگەر لە جۆری کێشراو بێت وەک نمونەی ئاڵتون وزیو، یان بە هێندەی یەک بن ئەگەر لە جۆری پێوانەکراو بێت وەک نمونەی گەنم وجۆ وخورما وخوێ. دووەم: فرۆشیار حەقی خۆی وەربگرێت وکڕیار شتومەکی خۆی وەربگرێت لە کۆڕ وشوێنی فرۆشتنەکەدا. خۆ ئەگەر کڕین و فرۆشتنەکە لە نێوان دوو جۆری جیاوازدا بێت بە نمونە کڕین و فرۆشتنی ئاڵتون بە زیو، یان خورما بە جۆ ئەوا لەم کاتەدا کڕین وفرۆشتنەکە ڕەوایە ودروستە بە یەک مەرج ، ئەویش دەبێت فرۆشیار مافی خۆی وەر بگرێت وکڕیار شتومەکی خۆی وەربگرێت لە کۆڕ وشوێنی فرۆشتنەکەدا، ئەگەر وانەبێت ئەوا کڕیار وفرۆشیار بە هاوشێوەی یەک هەردوو کەوتوونەتە نێو مامەڵەیەکی ڕیبادارى حەرامکراو .

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66385